# سەرۆکی هەرێمی کوردستان کەمترین زانیاری دەربارەی مێژووی کورد نییە: ئەمە کارێسەیە بۆ نەتەوەیەک

بورهان أ. یاسین

٦ی ئازار ٢٠٢١

بە پێی سەرچاوە میدیاییەکان نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پشوازی لە بڕیارێکی مستەفا کازمی، سەرۆک وەزیرانی عێراق، دەکات لە دیاریکردنی ئەمڕۆ (٦ی ئازار) "وەکو ڕۆژی نیشتمانی و لێبوردەیی و پێکەوەژیان لە عێراق."[1]

سەرەتا دەمەوێ زۆر بە ڕاشکاوی بڵێم کە ئەم پێشوازیەی سەرۆکی هەرێم لە بڕیاری ئەوەی کە ٦ی ئازار لە عێراق بکرێ بە بۆنەیەکی نیشتمانی، کارێسەیە. لە ڕاستیدا دەکرێ ئەم پێشوازییە دەربڕی تراژیدیاییکی نەتەوەیی بێت، دەکرێ دەربڕی ئەو ڕاستییە بێت کە سەرۆکی هەرێم کەمترین شارەزایی بە مێژووی هاوچەرخی کورد نییە، بە تایبەتی لەم حاڵەتەدا مێژووی هاوچەرخی باشوری کوردستان. ئاخر ٦ی

[1] بڕوانە، بۆ نموونە: دەستگەیشتن ٢٠٢١/٣/٦ https://www.zamenpress.com/Details.aspx?jimare=41601

ئازار بۆ کورد رۆژێکی رەشە وە وەک رۆژێک لە تراژیدایی نەتەوەیی لە مێژوودا تۆمارکراوە: هەموومان دەزانین کە لە رۆژی رەشی ٦ی ئازاری ١٩٧٥دا رێککەوتنی جەزایر (هەروەها ناسراو بە رێککەوتنی ٦ی ئازار) لە جەزائیر، لە نێوان محەمەد رەزا شا پەهلەوی و سەددام حوسێن، بە ناوەندگیری ژمارەکە وڵات بە تایبەتی جەزائیر، مۆرکرا. ئیتر ئەمە ئەو رێککەتنە بوو کە کۆتاییێکی تراژیدیاوی بە ١٤ ساڵ لە بزاڤێکی چەکداری (ناسراو بە شۆڕشی ئەیلول) هێنا و هەرەس و نسکۆ (ئاشبەتاڵ) بوو بە راستییێکی تاڵی حاشاهەڵنەگر.

لە راستیدا ئەم رێککەوتنە نەک هەر کۆتایی بە کاروانێکی ١٤ ساڵیی پڕ لە قوربانی و ماڵوێرانی و پڕاو پڕ لە کۆستی دەیان هەزار لە دایکی شەهیدان هێنا، بەڵکو ئەم نسکۆیە بوو بە سەرەتایەکیش بۆ ئەوەی رژێمی بەعس، لە هەڵمەتێکی دڵڕەقانەی تۆڵەکردنەوەی بەکۆمەڵدا دژ بە کورد، بکەوێتە جێبەجێکردنی پلانێکی بەرنامە بۆ دارێژراو لە راگواستنی سەرتاسەری گوندنشینەکانی ناوچە سنوورییەکان و جێبەجێکردنی هەڵمەتێکی رێکخراوی بەعەرەبکردن و بەبەعسکردنی سەرتاسەری لە کوردستان. . .

رێک لەبەر ئەم هۆیە، جێگای سەرسوڕمان و پرسیار و گومانە کە سەرۆکی هەرێم قەبوڵ بکات رێک ئەو رۆژە رەشە (واتە ٦ی ئازار) بکرێت بە رۆژێکی بە ناو "نیشتیمانیی لێبوردەیی و پێکەوەژیان لە عێراق."

رێککەوتنی ٦ی ئازار هیچ ماوەیەکی نەدا بە سەرکردایەتی ئەو کاتەی بزاڤی چەکداری باشوری کوردستان بۆ ئەوەی هەرنەبێ کەمێک لە کاریگەریی تراژیدیاوی مرۆیی ئەو کاریسەیە کەم بکاتەوە. ئەمەش وای کرد کە یەکسەر دوای ئەم رێککەوتنە مەلا مستەفا بارزانی لە نامەیەکدا بۆ هێنری کیسنگەر (وەزیری دەرەوەی ئەو کاتەی ئەمریکا) نامەیەکی پڕ لە هەست و سۆز بنووسێ و داوا بکات کە هەر نەبێ چەند هەفتەیەک کاتیان پێ بدرێ بۆ ئەوەی بە دەیان هەزار ژمن و مناڵ بۆ دیوی ئێران بپەڕنە، بەڵام لە وەڵامدا کیسنگەر بە سادەیی دەڵێ: ئەمە کاری من نییە، من وەزیری

دەرەوەی وڵاتێکی گەورەم، نەک سەرۆکی ڕێکخراوێکی خێرخوازیی. . . ئەم وەڵامەی کیسینگەریش بۆ خۆی ڕوێکی دیکەی ئەو تراژیدیایەیە، بەڵام ئێرە جێگای باسی زیاتر نییە لەو بارەیەوە.

لە کاتێکدا ئەوە جەخت دەکەمەوە کە ئەم هەنگاوەی سەرۆکی هەرێم دەربڕ و هێمای ئەوپەڕی نائاگایی مێژویی و سیاسییە، ئەوا لە هەمان کاتدا پێویست دەکات چەند خاڵێک تۆمار بکەم:

١) ژمارەیەکی زۆر ڕۆژ لە مێژووی کوردانی عێراقدا هەن (وەک بۆ نموونە ٦ی سیپتێمبەری ١٩٣٠، ١٦ی ئازاری ١٩٨٨ و زۆر ڕۆژی دیکە) کە هەرگیز نابێ قەبوڵ بکرێن وەک ڕۆژی نیشتمانی لە تەواوی عێراقدا. زۆر بە تایبەتی ٦ی ئازار یەکێکە لە ڕۆژە هەرە ڕەشەکان لە مێژووی سیاسی باشوری کوردستان و یادەوەری بە کۆمەڵی خەڵکی کوردستاندا؛

٢) لە ڕاستیدا ئەو هەردوو کۆبوونەوەیەی کە (ئەمڕۆ ٦ی ئازار) پاپا فرانسیس تیایاندا بەشدار بووە، کۆبوونەوەی دینی بوون و ناکرێ بە ئاسانی قەبوڵبکرێن وەک "بۆنە و ڕۆژی نیشتمانی،" لە باشترین حاڵەتیشدا ئەو دوو کۆبونەوەیە پەیوەندی دوور و نزیکی بە هەرێمی کوردستان و خەڵکی کوردستانەوە نییە؛

٣) پرسیارێکی زۆر گرنگ ئەوەیە ئایا بە ڕاست مستەفا کازمی بەر لە ڕاگەیاندنی ئەمڕۆ (٦ی ئازار) وەک ڕۆژی نیشتمانی بۆ هەموو عێراق، هیچ پرسێکی بە لایەنی کوردی (چ لە بەغدا و چ لە هەولێر) کردووە، بە مانای ئەوەی بپرسێ ئایا بە ڕاست کورد هیچ تێبینییێکی دەبێت ئەگەر ئێمە ٦ی ئازار بکەین بە ڕۆژی نیشتمانی "لێبووردەیی و پێکەوە ژیان" بۆ هەموو عێراق؟ لە ڕاستیدا دەشکرا ئەم پرسیارە یەکسەر ئاراستەی سەرۆک کۆمار بەرهەم ساڵح بکرایە. . . بە هەر حاڵ، لە ئێستادا من ئەو زانیارییەم نییە کە ئەو پرسیارە لە بەرهەم ساڵح کرابێ یا نا، بەڵام خەرابتر ئەوەیە ئەگەر کرابێ و ئەو (واتە بەرهەم ساڵح) هیچ تێبینییێکی لەسەر ئەو ڕۆژە نەبووبێ؛

٤) لەوە ئەچێ مستەفا کازمی لە هیچ لایەکی کوردییەوە تێبینی دەربارەی ٦ی ئازار پێنەگەیشتبێ، ئەگەر نا دەکرا بە ئاسانی دوێنێ (٥ی ئازار) بکرێ بەو ڕۆژە نیشتمانییە، چونکە دوێنێ بوو کە پاپا فرەنسیس "لە فڕۆکە دابەزی و پێی خستە سەر خاکی عێراق." بە هەر حاڵ دەکرێ مرۆڤ تێبینی لەسەر ئەم ڕۆژەش هەبێت، چونکە ئەو ڕۆژە سەرەتای ڕاپەڕینە مەزنەکەی باشوری کوردستانە، کە ڕێک لەو ڕۆژەدا لە دەروازەی ڕاپەڕی، واتە ڕانیە، دەستی پێکرد. واتە باشترین شت ئەوەیە کە ئەو ڕۆژەش هەر وەک خۆی پارێزراو بێت لە یادەوەری بە کۆمەڵی خەڵکی کوردستان؛

٥) ئەگەر ئەم پێشوازییەی نێچیرڤان بارزانی لە بڕیارەکەی کازمی وەک موجامەلەیەکی سیاسی بێت و بە حیسابی نێچیرڤان ببێتە یارمەتیدەر بۆ نزیکبوونەوەی ئەرێنی (پۆزەتیڤ)ی هەولێر و بەغدا لە یەکتر، ئەوا دواجار باجی ئەو موجامەلە سیاسییە زۆر گران لەسەر کورد دەکەوێ: ئیتر دەبێ لە داهاتودا هەموو ساڵێک کورد پێشوازی لە ٦ی ئازار بکات وەک ڕۆژێکی نیشتمانی عێراق، کەچی ئەو ڕۆژە یادەوەرێکی زۆر **تاریک و ڕەشە لە مێژوو و یادەوەری بە کۆمەڵی کورد.** لەم ڕۆژەدا ڕوبارێک لە خوێن، دونیایەک لە قوربانی لە ڕێککەوتنی دوو ڕژێمی داگیرکاردا بە نیوەی شەتولعەرەب دەگۆڕدرێتەوە؛

دەرنجام: چەند ساڵێک پێش ئێستا باس لە دەسەڵاتدارانی "نەخوێندەوار" لە باشوری کوردستان کراوە. لە ڕاستیدا پێشوازیکردن لە بڕیاری دەستنیشانکردنی ٦ی ئازار وەک ڕۆژێکی نیشتمانی لە عێراق کێشەی نەخوێندەواریی سەرکردەکانمان بێت یا نا، بە هەر حاڵ ڕاستییە تاڵەکە ئەوەیە کە ئەوە کاریسەیەکی سیاسییە سەرۆکی هەرێم قەبوڵ بکات ڕۆژی ڕەشی ٦ی ئازار (ڕۆژی کۆستی بە کۆمەڵ، ڕۆژی ڕەش و ڕۆژی هێمای تراژیدیای کوردی) بکرێ بە ڕۆژی نیشتمانی!

ئێستاش درەنگ نییە ئەو هەڵەیە ڕاستبکرێتەوە، ئەگەرنا نە نەوەی دوێنێ کە خۆی بەشێک بووە لە بزاڤە چەکدارییەکەی ئەیلول و باجی زۆریشی لە پێناوی داوە، نە نەوەی ئەمڕۆ و نەش نەوەی سبەینێ ناتوانێ و ناکرێ لەم هەڵەیەی سەرۆکی هەرێم ببورێ!